سیره: ٣٣

بسم الله الرحمن الرحيم

(والعصر، إن الإنسان لفي خسر، إلا الذين آمنوا وعملوا الصالحات وتواصوا بالحق وتواصوا بالصبر).

والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وعلى آله وصحبه.

السلام عليكم ورحمة الله.

وەکو حەفتەکانی پێشترێ ئەو چەند دەرسە کەمەی سیرەی کە مایە ئەوڕۆش فەصلەك لەو فصولانە بوعدەك لەو بوعدانەی کە حەزرەت (صلی الله علیه وسلم) وەکو نیظامەك وەکو سوننەك لەبۆ ئوممەی عەزیزی خۆی بەجێهێشتبی، ئەوڕۆ فەصلەك لەو فصولانە لە خزمەتتان بەحس دەکەین، بە تەوفیقی خوای ئا ئەو سونەن و قانونانەی کە لە بیدایەت هەر لە بیدایەتی سیرە بەحسمان کردبی لە سەری تەطبیق دەکەین، وە عەرضی ئەوەش دەکەین کە ئا ئەو پێغەمبەرە نازدارە (صلی الله علیه وسلم) تانی بەواسطەی ئەخذی ئیمان لە رب العالمینەوە لە قورئان بینای بکا لە داخلیی خۆی ئیجادی بکا لە داخیلی خۆی، پاشان تەوصیلی بکا لەبۆ جەمعی صەحابە.

فیعلەن صەحابەش بتانن لەو مستوایە بن کە رب العالمین ویستیتی، وە سەبەبی نزولی قورئان وە ئیجادی زەمینە زەمینەی ڕەببانی لە سەر ئەرز ئیجاد بکا، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بەواسطەی جەمعی صەحابە، وە ئەو حەلەقە مەطلوبەی کە ڕیسالەت لەبۆ خاتری وی هاتبی، ئەویش تەحصیلی (رضوان الله)یە بە دەست گەیشتنی ڕەزا بوونی رب العالمینە لە ئینسان، لە ئینسانی موئمین بەواسطەی ڕازیبوونەکەشی ئینسان بچتە جەننەت، بتانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئەو حالەتانە هەمووی لە ناو جوملەی صەحابە ئیجاد بکا.

ئەوڕۆ حەلەقەی ئەخیرییە لە حەلەقاتی تەکوین، تەکوینی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەبۆ ئەو جوملە ئینسانە کە صەحابە بووینە، وە تەتویج دەکرێن ئەو جەمعە موبارەکە بەمەبدەئی رضوان کە رب العالمین خۆی شەهادەی ڕەزا بوونیان پێ دەبەخشی، وفقی ئا ئەو ثەوابت و موقەویماتە ئیمانیانەی کە سابیقەن بەحسمان کرد لە قورئان، کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) تانی تەحویلیکا لەبۆ جەمعی صەحابە، وەجەمعی صەحابەش لە داخیلی خۆیان ئیجادی بکەن بەو کەممە و بەو نەوعەی کە خوا دەیەوێ، ئەوجە بتانن کەلیمەی (رضي الله عنهم ورضوا عنه)(البينة٨) تەحصیل بکەن لەوجود.

ماددەی ئەوڕۆمان حودەیبیە کە سوڕەتەکی کامیلی لە سەر هاتتە خوارێ بە ناوی سوڕەتی فەتح، تەوصیەم ئەوەیە إن شاءالله کە چوونەوە ماڵێ قورئان بکەنەوە موڕاجەعەی تەضاریسی ئەو سوڕەتەی بکەن، کە کو لە بیدایەت رب العالمین بە چ ئوسلوبەك موفاتەحەی ئەو پێغەمبەرەی دەکا لە چ مستەوایەك، پاشان چی تەقدیم دەکا چ میحوەرەکی لەبۆ دادەنێ، ئەویش تەحویلی بکا لەبۆ جەمعی صەحابە، ئەوجە پاشان خەتمیان لۆ لێدەدا کە فیعلەن ئەو حالەتە لەناو جەمعی صەحابە دروستبوو خەتمی رەضایان لەبۆ لێدەدا، کە فیعلەن ئەو جەمعە مەرضینە ئەو جەمعە مەوجودە لەو حالەتەی راضینە بەواسطەی ئەو جوملە سیفاتانەی کە تێیاندا مەوجود بووە.

موقەددیمەکی موبەسسەط لە صیغەی تەکوین و تەنشیئەی ئینسان بە تەصنیفات لە ناو قورئان، کە ئینسان مەرحەلەك موعەییەنە لە صیفات کە لە شێست و قسور جێ رب العالمین تەحدیدی کردیە، سیفاتەکان ئەغلەبیان سلبین، کە ئەو ئینسانە دێ ئیحتیکاك دەکا لەگەر ڕیساله فیطرەی خۆی بە ئیش دێخی بەو تەصانیفانە سەبر سەبر برند دەبی، دەبتە عونصورەك لە ناو کەلیمەی ناس لە ناو قورئان، پاشان دەبتە بەنی ئادەم پاشان دەبتە بەشەر ئەوجە دەبتە موسلمان ئەوجە دەبتە موئمین، ئەو حالەتانە بەو کەمم و بەو نەوعەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) تانیتی لە ناو جیلی صەحابەی دروستیکا، وە قەواعیدی ئیمانیش کە لە دروسی سابیق بەحسمان کردیە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە سەر جەمعی صەحابەی ئیدامە دەکرد، هەر لە فەترەی یەکەمی مەککە لە سوڕەتی (اقرأ) کە بەندی یەکەمی قانونی ئیجادی ئیمان لە داخیلی جەمعی صەحابە، پاشان هەر لە تەکوینات و مەراحیلیتکە هەتا دەیگەینتە ئەو سەقفەی کە گەیشتینێ جەمعی صەحابە، ئەویش کە خوا لێیان ڕازی بی.

یەعنی لەو لەحضەیەوە ئەو مەجموعە صەحابەیە کە مەوجودە لە ناو مەنطقەی حودەیبیە، وە موبایەعە دەداتە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، رب العالمین بەو جەمعە بەو عەدەدە صەحابەیەی دەرێ: یا محمد تەبلیغیان بکە ئەمن لەوان ڕازیمە، دیارە حەتمەن جهودەك نەوعە حالاتەك لە ناو داخیلی ئەو جەمعە صەحابەیە دروستبووە کە زەمەن جوزء بووە تێیدا، کە لەدروسی قەواعیدی ئیمانی پێشی حەفت هەشت دەرسان یان زیاتر بە حسمان کردیە، ئەو حالەتانە لەناو داخیلی جەمعی صەحابە دروست بووە، ئەوجە رب العالمین تەشریفیان دەکا بە رضوان الله، لەو موددە کەمە زەحمەتە دیسان ئیعادەی ئەو هەموو قەواعیدانە بکەین.

ئەمما موجمەلی حالەت کأنە هەرچی مەوجودە لە حەدەث کأنە تیکرار و ئیعادەکی موبەسسەط و سەریعە لەبۆ جوللی ئەو هەموو ئمور و ئەحداثانەی کە کرایە لە حەیاتی صەحابە و پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، خۆی موشریف بووە لە سەریان، تاریخییەن با بچینە ناو مەوضوعی حودەیبیە،

پاشان دێین تەطبیقی قورئانی لە سەر دەکەین، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پاشی غەزوەی ئەحزاب کە گوتمان نیهایەتی هات جەمعی (١٠) دە هەزار نەفەری موشرکین ئینسیحابی کرد لە دەورو بەری مەدینە، کە ئینسحابیان کرد پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ضەفەری هینا نەصرِی هینا، بەواسطەی ئا ئەو تەئیدە ئیمانیەی لە سەر کورەی ئەرز ئەو جەمعە مؤمینە پێوەی تەوصیف کرابوو، وە بەواسطەی جنودی رەببانی کە رب العالمين لە ئاسمانەوە دەیهینا خوارێ (ر يحا وجنودا) (الأحزاب٩).

کە موشرکین ئینسحابیان کرد وەکو دروسی سابق بەحسمان کردیە شەیطانی مەوجود واز لە موئمین نایِنی، دائیمە لە حەکك و لە تەکوینی فیتەنە لەبۆ جەمعی موئمینین، کو لەبۆ صەحابەی بووە لەبۆ جموعی موئمینینی سەر کورەی ئەرز دائیمەن ئیعادە دەبیتەوە، دیسان شەیاطین واز لە موشریکین نایِنن، وازبینن لە جەمعی صەحابە هەر محاوەلەی تیکراری نەفسی حالاتن، کە فیعلەن عەسکەرییەن بتانن ئیستیئصال و قەطعی ئەو جەمعە صەحابەیەی بکەن، کە رب العالمين کە تەحتە عەینی رب العالمين دروست بووینە، بە ئیشرافی رسول (صلى الله عليه وسلم) تەکوین بووینە.

لۆیە کە خەبەر لە ئاسمانەوە دەگاتە خزمەت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە واسطەی روئیا، بە واسطەی جوبریل وەحی، یەکسەر ئەمر دەکا مەجموعەی صەحابە خۆیان حازر بکەن لەبۆ موصادەمەك نەوعی بەدەنی، بەبێ سیلاح بەبێ عیتاد بەبێ دروع بەبێ ئیعدادی عەسکەری، مواجەهەی ئا ئەو (١٠) دە هەزار نەفەرەی بکەن کە خۆیان هاتبوونە دەوروبەری مەدینە لە جەمعی صەحابە بدەن، ئێستا پێغەمبەر و ئەو جەمعە دەچتە بن دەستیان مواجەهەکی نەوعی لەو موستەوایە کە قابیلیەی بە دەنی و قابیلییەتی عەسکەری تێدا موتەکافئ نییە موتەوازن نییە، ئەوە نەوعە ئیختبارەك بوو، نەوعیی لەبۆ ئیمانی ئەو جەمعە صەحابەیە کە ئەو (١٠) دە هەزار نەفەرە هاتنە دەوروبەری مەدینە لە غەزوەی ئەحزاب، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) خەندەقی لەبۆ لێدان لۆوەی موشریکین و کەفەرە نەتانن بگەنە صەحابە و صەحابە ئەزیەت بدەن بە ئیستیشهاد کردن.

باشە ئێستا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەو جەمعە صەحابەیەی کە مەطلوبە، بەبێ سیلاح بەبێ ئیستیعدادی عەسکەری ئەوانە جەمعەك لەوانە هەر بژێری بیباتە بن دەستی قورەیش؟ ئەوجە قورەیش بێ بە کەیفی خۆی تەعامولی لە گەر بکا، رب العالمين ئەبەو نەوعەی ئەمری بە پێغەمبەر کرد ئیعدادی ئەو جەمعە بکا، وە فیعلەن ئەمرەکەی نەشر کرد جەمعی صەحابە (١٤٠٠) هەزارو چار سەت نەفەر ئیستیعدادی خۆی پیشاندا، کە لەگەر حەزرەت (صلى الله عليه وسلم) بچنە ناو ئەو

مەوقیفەی، بچنە ناو ئەو حادیثەیەی بەبێ ئەوەی لە داخیلیان سین و جیم دروست ببی، بە بێ ئەوەی ئیشکالی حەیات و مەوت ژیان و مردن لە داخیلیان دروست ببی.
طەبعەن دیارە پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) سابیقەن جوهدەکی زۆری لە سەر وانە صەرف کردییە، زەمینەی لە ناو داخیلیان دانایە خۆشیان لەگەر خۆیان جهودی زۆریان صەرف کردبی، خۆیان گەیشتینە ئەو مستەوایەی کە الله (جل جلالە) وە رسول الله (صلى الله علیه وسلم) هەر چ ئەمرەك بدا بێ سین و جیم ئیطاعەی بکەن، وە موستەسلیم بن، لۆیە هەزار و چارصەت صەحابی بەس بە شیر بێ ئەوەی حەیوانیان لەگەر بی، بێ ئەوەی دروعیان هەبی، بێ ئەوەی ترس و دروع ئیعدادی عەسکەری تەواو لەبۆ مولاقات تەکوینکەن تەنشیئەکەن، ئەوانە هەر بە موجەرەدی جلکی خۆیان، هەر بەس بە خواردنی خۆیان ئەو هەزارو چارسەت صەحابیە دەرچوو، بە قیادەی پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) لەگەر حەفتا حەیوان لۆ سەر برینێ دەرچوون، رێی مەککەیان گرت چەند صەد کیلو مەتر قەطع کەن.
عیلمەن دەشزاندرێ کە هەر حەرەکەیان کرد، بەرقیاتی شەیاطین یەکسەر نەقل دەکا مەوضوع وە مەقصودی پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) لەبۆ جەمعی موشرکین و یەهود، کە مەوجودن لەناو مەککە، لۆیە مەککەیی پێیانزانی ئیستیعدادی خۆیان وەرگرت، لوجنەی عەسکەری قورەیش بە عیکریمە و بەخالید ئیعداد کران لەگەر ئەعدادی ضەخم لە موشرکینی جنود، کە فیعلەن مواجەهەی ئەو حالەتەی بکەن، ئەمما پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) نەیدەویست موباشیر مواجەهەیان بکا، لۆیە رێیەکەی پێگۆرین گەیشتە نزیك مەککە بەچەند کیلۆ مەترەك لەوێ تەعەسکوری کرد، جەمعی صەحابەی هەموو لەوێ دانا ئەوجە ئەمری پێهات ئەمری لەبۆ هات پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) کە مەوقیفت عەسکەری نییە، ئەتوو هاتی ئەدائی وەضیفەکی دینی دەکەی کە فیعلەن شەعیرەکە لە شەعائیری تەعەبودی، ئەویش حەجکردن و عیمرە کردنە.
لۆیە لە ئێستاوە ئیعلانی ئەوەی بکە کە عیمرە ئەدا دەکەی هاتی لەبۆ عیمرە کردن، پێغەمبەریش (صلى الله علیه وسلم) ئیعلانی ئەو حالەتەی کرد کە فیعلەن لەبۆ قورەیش مەعلوم بی پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) نەهاتیە مواجەهەی عەسکەریان بکا، لۆیە ئەوان لە داخیلی خۆیان ئا ئەو ئیستیعدادە عەسکەرییە وەرنەگرن، ئەمما جەمعی موشرکین دەیانویست لە مەدینە پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) ئیزاحە بکەن، کو دەهێلن ئێستا ئا ئەو سومعەیە ئەو مەقامە دینیە لەبۆ پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم)، مەجال دەدەن پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) ئیجادی بکاو تەحصیلیکا، کە فیعلەن خۆیان ناقیم بوون لە سەری، ئەو دینەی کە محمد هینایتی صیراعە لەگەر دینی وان، ئێستا محمد بێ

تەحصیلی ئیقرار و تەحصیلی شەهادەتی مەککەیی و بەیتیش بکا لەبۆ دینی خۆی، کو قورەیش مەجالی ئەوەی دەدا؟

لۆیە محاوەلەی زۆریان کرد ئیستیفزازی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بکەن، هەتا لە چەند جێیەك جموعی عەسکەریی قورەیش موشرکین تەصادومی کرد، لەگەر جموعی بێ سیلاحی موسڵمانان، ئەمما لە بەر ئیشرافی موحەمەدی موباشیر لە سەر حەدەث، هەر لەناو موشرکین پەنجا عونصوریان گرد بە سیلاحی خۆیان و ئەسیریان کرد و پاشان دیسان بەرەڵایان کرد، کە فیعلەن خودا ئەمری کردیە ئەوان لەبۆ موحاربەی عەسکەری و جەیشی نەهاتینە، ئیننەما تەصەدییەك ئیمانییە ئیعتبارەك ئیمانییە لە داخیلی خۆیان کەشفی دەکەن لەبۆ موقابیل، کەدەتانن فیعلەن صمود بکەن بەبەدەن وە بەقەناعە بەواسطەی ئەو ئیمانەی کە لە ناو داخلیان مەوجودە، وە بتانین تەحەددای قووادی عەسکەریاتی قورەیشیش بکەن لە موقابیل.

لۆیە محاوەلەی کرد پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) نەفەر بنێرتە ناو قورەیش، کە بابە مەقصودمان شەرکردن نەبووە، ئیننەما هاتین حەقی خۆمانە وەکو ئەو حەقەی دایتتانە غەیر لە عەرەبی موشرکین و غەیری موشرکین کە بتانن لە أشهر الحرم طەواف بکەن و عیمرە بکەن، ئەمەش ئەو حەققەی خۆمانە کە خودا هەر لە ئەساسەوە دایتیە حەزرەتی إبراهیم و ئەو بوویتە کەفیل لە سەر ئەو مەوضوعەی، ئەمەش هاتینە تەمەتوع بە حەققی خۆمان دەکەین عیمرەی دەکەین وەکو غەیر، وەکو موشرکین ئەنگۆ ئەو حەققەتان نییە ئەمن صەد بکەن و مانیع بین لەبۆ نەتانینی ئەدای ئا ئەو ئەثەرە دینیەی کە لەکنەگۆش موعتەبەرە.

وەفدەکە ئیمامی عثمان، ئەمما کە زاندرا ئیمامی عثمان تاخیر بوو لە صەففی (الذین في قلوبهم مرض) (الأحزاب٦٠) ئیشکالی لەبۆ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و جموعی صەحابە، ئەمما پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لە بەر ئەوەی موسەدەدە بەوەحی لە ئاسمان وە موستەمریشە ئەو تەسدید و ئەو وەحییە لەبۆی، لۆیە خەلەل لە ئەدائی ریسالییەتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەو جەنبەی نەکرا هەر موستەمیر بوو، ثابیت لە سەر کیانی خۆی ئینتیزاری ئەوەی دەکرد فیعلەن لە موشریکینەوە لە قورەیشەوە مەوقیفەك دەربچی، لۆیە قورەیشیش وەفدی خۆی نارد یەکەمین شەخص کە ناردی موکریج ئبن حەفس، نەفەرەك بوو ئینسانەکی عاقل ذەکی بە عومر لە ناو قورەیش موعتەبەر بوو، بیەوێ ئەو کابرایە ببتە موشریف لە سەر حالەتی جەمعی صەحابە و پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، وە موشاهەدەی حەدەث بکا نەقلی تەقریر بکا لەبۆ جەمعی قورەیش کە فیعلەن پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) نەهاتیە لەبۆ ئەو مەوضوعەی کە قەضیەکە شەرە.

موکريج لەگەر پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دانشيت قسەی کرد، تەعەهودات پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دایێ نەهاتينە لەبۆ شەڕکردن، هاتينە لەبۆ عيبادەتکردن و طەواف کردن لە دەوری بەيت، وە دەشبينن حالەتمان ئەوە هەموو جەمعی صەحابە هەموو موحريمن جلکی ئيحڕاميان لە بەرە، پەشتەماريان لە خۆ ئاراندیە وە شيرەکانيشيان هەمووی لە ناو کالانی خۆيتی، نيەتی شەڕمان نييە، ئەگەر نيەتی شەڕمان هەبایە هەر ئەصلەن بەعەدەدی خۆمان دەهاتين و مەجالی ئەوەشمان نەدەدا ئەنگۆ ئيستيعدادی خۆتان وەرگرن هەر هجوممان دەکرد، ئەمما کە نيەتی شەڕمان نييە وەمەکەن نييەتی شەڕمان هەبی لەبۆ ئەو مەقەصودەی کەهاتينە ئەدای بکەين و دەگەڕێينەوە، موکريج مەوضوعی نەقل کرد لەبۆ قوڕەيش قوڕەيش دری ئاوی نەخوارد.

نەفەرەکی کەی نارد کە زەعيمی قەبيلەی ئەحابيشە، ئەو ئەحابيشانەی کە لە غەزوەی ئەحزاب يەهود بە پارەکی زۆر ئەوانەی هينابوو، مەسئولی وان کابرايەکی موتەدەينيش بوو مەسيحی بوو، ئەويان نارد کە بابە ئەتوو وەسيط بەينی مەو بەينی محمد تەقەصی حەقائيق بکە پاشان لۆمانی بگێڕە، هەر کە حولەيث لە جێی خۆی حەڕەکەی کرد، مەلائيکەت ئەمری بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کرد بەعزە هەدايە هەديی يەعنی حەيوان لەبۆ سەر بڕينێ هاتيە، لەناو ئەدای مەناسکی عومڕە و حەج ئا ئەو حەيوانە سەر دەبڕێ، ئەمری کرد مەلائيکەت بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئا ئەو هەديانە بە پێش بێخە، هەديی پێدەگۆترێ نەك هەديە، هەدی بەياء، هەديانە بە پێش بێخە کابرا خۆی عابيدە خۆی مەسيحيە کەحالەتەکەی ديت بەو قەناعەتەی، ئەو قەناعەتەی لۆ دروست بوو ئا ئەو قەناعەتە نەقل دەکا لەبۆ قوڕەيش.

لۆيە حولەيث هەر لە دووڕڕا کە حەيوانەکانی دی نيەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەبۆ شەڕ نييە، ئەو حەيوانانە هەموو بە ئيشارەتی هەدی کردن هاتينە، طەبعەن حەيوان لەبۆ هەدی کردن ئيشارەتی خاصی خۆی هەيە لە ملی دەکرێ لە گێی دەکرێ، کەبەو شکلەی ديت زانی فيعلەن پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) نييەتی شەڕکردن نييە، لۆيە ئا ئەو نيەتەی بێ ئەوەی ئيستيقبالی پێغەمبەر بکا، و لەگەر پێغەمبەر قسە و سين و جيم بکا، هەر لە دووڕڕا گەڕاوە و بە قوڕەيش و بە ئەبوسوفيان و بەوانی گۆ، بووە سين و جيم لە بەينی حولەيث و بەينی ئەبوسفيان لەسەر ئەو مەوضوعەی، کە فيعلەن حولەيث ئيلحاح دەکا با پێغەمبەر مەجالی بدرێ و بێ عەمرەی خۆی بکا.

عيلمەن قوڕەيشی لەبەر عونجليە و کبريائی تەکەبوری خۆی کە (١٨) هەژدە ساڵە ناهێلی دەعوەی ڕەببانی بگاتە ناو مەککە، هەر موتەمەڕيدە لە سەر رب العالمين موستەمیرە لە سەر تەمەڕودی خۆی لەو حالەتەش، لۆيە قەراريان لە سەر قەراری حولەيث نەدا نەقضيان کرد، يەکسەر لەوێ

حولەیث تەحالوفی خۆی قەطعکرد لەگەر قورەیش ئینسیحابی کرد لەو حیلفەی کە قەدیمەن لەگەر قورەیش هەیبوو.

نەفەری سێیەمیان نارد عەڕوە بن مەسعود، ئەویش زەعیمەکی قورەیشیە مەقبولی ڕەئییە لە ناویان، ئەو بچی لەگەر پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) قسان بکا و لە نییەتی پێغەمبەر بگا، فیعلەن هات لیقائی لەگەر پێغەمبەر کرد پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) جەنابی دانیشتیە، ئەویش بە پێوە ڕاوەستایە ئەخذو عەطائی کرد لەگەر پێغەمبەر، نزیکیشە لە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دووسێ جار دەستی لە ڕدێنی موبارەکی پێغەمبەریدا، کە دەیەوێ پێغەمبەری ئیقناع بکا حەقیقەتی قەضیەی ناو داخیلی پێغەمبەر بزانی، مەقصەدی هاتنی پێغەمبەری چییە، لەو ئەسنایە کە ئەو کابرایە ئەوەی کرد موغیر ئبن شوعبە، خزمی قەریبی ئا ئەو موشریکەیە، خزمی عەڕوەیە، یەکسەر بە پاژنەی شیری سێ جار لە دەستی موشریکەکەیدا، گۆتی: دەستت لە ڕدێنی موبارەکی پێغەمبەر مەدە، ئیحتیرام و ئەدەبی خۆت بزانە، ئەمە ئیزن نادەین ڕدێنی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کابرایەکی وەکی توو موجریم و نەجیس دەستی لێبدا داینیشاند.

ئەو وەقتیش پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەست نوێژی دەشووشت، پاش جەلسە دیتی جەمعی صەحابە کە ئاوەکەیان دیت، هەر یەکە قیچەك لەو ئاوەی لەبۆ بەدەنی خۆی و لۆ دەم و چاوی خۆی برد، کە چ نەوعە تەقدیر و ئیحتیرامەکی ئەو پێغەمبەرەی دەگرن، بەعزە حالاتیتکەی دیت لە صەحابە بە نسبەت پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، یەکسەر گەڕاوە موباشیر گۆتی: ئەگەر هاتوو ئیقراڕ لە سەر حالەتی محمد نەکەن لەبۆ ئەو مەوضوعەی کە هاتیە بە خوای ئا ئەو حوببەی کە لە قەلبی عونصورەکانی خۆی نایە بەس بەو حوببەی دەتانی غەزوتان بکا نەك بە سەیف، لۆیە ئەوەی لۆی هاتیە مەجالی بدەن با ئەدای بکا، لە سەر ڕەئی ویش هەر ئیقناع نەبوون.

نەفەری چارەم سوهەیل ئیبن و عەمر نەفەری چارەم بوو، کە فیعلەن دیسان ئەوەش تەثبیت بکا ئەو حالەتە لە داخیلی پێغەمبەر مەوجودە، ئەگەر مەوجودبی لە بەینی خۆی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) عەقدەکی بکا، کە فیعلەن کبریائی قورەیش غروری قورەیش نەشکێ، تەعەددا لە قەناعەی دینی قورەیش نەکرێ، کە سوهەیل ئیبن وعەمر لە جێی خۆی حەرەکەی کرد، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئیعلان کرا ئەوە فیعلەن قورەیش گەیشتە عەقلی خۆی ئێستا دەیەوێ بەعزە حالەت لە داخیلی خۆی دروست ببی، ئەقەللەن ئیقراڕە بە بەواقیعی حالی مەوجود، کە فیعلەن مەوجود موحەممەدە، مەوجود دینی موحەممەدییە، وە مەوجود جەمعی صەحابەیە وە ئەوەی هەیە حەقیقەتە، دەبی فیعلەن مەککەیی قورەیش ئیعتراف بەو حەققەتەی بکەن بەواقیعی مەوجود، سوهەیل بن عەمر

هاته خزمەت پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) ئیستیقبالی کرد پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) داینیشاند، گوتی نە ئەتوو ئیلحاح بکەی نە ئەمە ئیلحاح بکەین با لە بەینی خۆمان ئیتیفاق بکەین لە سەر چەند بەندەك.

یەکەمین: ئەتوو ئێستا دەگەڕێیەوە سارەکیتکە کە دێی لۆوەی ئەمە لەناو قەواعیدی خۆمان سومعەمان هەر بمینێ، نەرێن با قەواعید موشریکین عامەی موشریکین فیعلەن محمد نیضامی عورفی تەدەیونی قوڕەیشی لە بن پێی خۆی نا، ئەوسار ئەتوو دەگەڕێیەوە، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی بەصەحابە، عەلی مەوجود بوو، کاتبی پێغەمبەری بوو لەو جەلسەیەی فەرمووی بنووسە، نووسی من محمد رسول الله موکاتەبە دەکا لەگەر سوهیل بن عەمر، سوهیل گۆتی: نەء بنووسە محمد ئیبن عبدالله، ئەگەر ئیعتیڕاف بکەم ئەتوو (رسول الله)ی نایین ئەو عەقدەی لەگەر توو بکەین، ئەو عەقدەت لەگەر ناکەم، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی بنووسە محمد بن عبدالله، ئیمامی عەلی گۆتی: نانووسم، بنووسە نانووسم، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی بینە کتابەکەی، بدە دەستە خۆم دایە دەستی، ئەمما پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئوممیە نازانی کیهان جێ نووسرایە، نازانی رسول الله کیهانە فەرمووی دیسان پیشانی ئیمامی عەلیدا گۆتی: کیهان هەوە، ئیمامی عەلی پەنجەی لە سەر رسول الله دانا، لۆیە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە دەستی موبارەکی خۆی (رسول الله)یەکەی سڕی، ئەوجە دایەوە دیسان دایەوە دەستی ئیمامی عەلی تەکەمیلەی بکا، بەندی یەکەم محمد دەگەڕێتەوە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئیقراری کرد دەگەڕێینەوە.

بەندی دووەم: هەتا (١٠) دە ساڵان حەرب ڕادەوەستی، هەتا دە ساڵان پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی حەرب ڕادەوەستی.

سێیەم: ئەنگۆ سارەکی دی دێنەوە ئەمە دەردەچین لەمەککە، قوڕەیش مەککەی بە جێدێلی کەعبە لەبۆ توو دەمینێ باشە قەیناکە ئیقراڕ لە سەر وەش کرا، ئەتوو دێی سێ ڕۆژ لەناو مەککەی دەمینێی، عیمرەی خۆت بە سێ رۆژی ئەدا دەکەی بەڵێ ئەویش قبورمانە، پاشان چ سەیفەك و چ سیلاحەك لەگەر خۆت نایینی بەس لەبۆ دیفاع عەن نەفس ئەویش قبولمانە، کێ بیەوێ لە قوڕەیش بێتە ناو دینی موحەمەدی محمد نابێ لێی قبور کا، دەبی بیگێڕتەوە نابی لە مەدینەی قبولی بکا، هەر نەفەرەك لە قوڕەیش بێتە ناو مەدینە نابی محمد قبوولی بکا دەبی بیگێرتەوە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئیقراری لە سەر کرد، هەر نەفەرەکیش لە موسلمانان بچتە ناو مەککە و مورتەد ببی قەیدی ناکا، نابی محمد قسان بکا گۆتی: بنووسە قەیدی ناکا ڕازیمە، ئەوانە هەمووی ئیقراڕی لە سەر کرا،

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) مۆری کرد تەوقیعی کرد خەتمی خۆی هەبوو لێیدا، سوهەیل بن عەمر دەرچوو، دەرچوو.
لێرە ئیمتیحانی نیهائی لەبۆ ئیمانی جەمعی صەحابە نیهایەی ئیمتیحان لێرە ئیجاد بوو، کە فیعلەن پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەریانی هینایە لەبۆ مواجەهەك بەبێ سیلاح موسەڵەح نینە، چەند صەت کیلۆ مەتری پێ قەطع کردینە بەبێ ئەوەی حیمایەیان هەبی، هەدەف نەزانن چییە ئیللا لە نزیك مەنطقەی حولەیفە، کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەوێ تەعەسکوری کرد و وفودی بەینی خۆی و بەینی قورەیش هاتوچووی تەبادول کرا لە گەر یەك، پاشان ئەو هەموو بنودە لە هەمووشیان قاسیتر بە نیسبەت جەمعی صەحابە ئا ئەوەیە فیعلەن ئەگەر هاتوو کابرایەك موسوڵمان بوو هیجرەتی کرد لەبۆ مەدینە پێغەمبەر قبولی نەکا، رەددی کاتەوە تەسلیمی کا، وە ئەگەر هاتوو نەفەرەك مورتەد بوو لە موسوڵمانان چووە ناو قورەیش نابی محمد طەلەبی کاتەوە و ئیعادەی کاتەوە ئەوە لە هەموویان زەحمەتتربوو بە نسبەت قەلبی صەحابە.
ئەمما لە بەر ئەوەی رب العالمین صیاغەی قلوبیانی کردیە لەبەر ئەوەی محمد موشریف بووە لە سەر صیغەی ئیمانیان، لۆیە سین و جیم لە ناو جەمعی صەحابەی دروست نەبوو بە هیچ نەوعەکی هەموو موستەسلیم بوون.
بەس حالەتەك وەحید ئیمامی عومەر قیچەك ئیشکالی لەبۆ دروست بوو، ئەویش پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەبۆی حەل کرد، یەکسەر پێغەمبەر لێرە (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی مەلائیکەت هاتنە خوارێ ئەمریان بە پێغەمبەری کرد ئێستا ئیمانی جەمعی صەحابە ئەو هەزار و چار صەت نەفەرە گەیشتە ئەو موستەوایەی پێشی ئەوەی بمرن بەلاغی ڕەببانیان لەبۆ بێ، کە خوا لە وانە ڕازییە، ئەو هەزار و چار صەت نەفەرە خوا لێیان ڕازیە، یەعنی دەچنە جەننەت ئەو مەجموعەیە، ئا ئەو حالەتە نەفسیەی کە لەناو داخیلی جەمعی موئمینین مەوجود بوو، ئایا خودا لێی ڕازی دەبی یان ڕازی نابی لە مەوپاش نامینێ لە قەلبیان، موتەئەکیدن ئا ئەو هەزارو چار صەت نەفەرە کەچاویان چوقاند یەکسەر دەچنە جەننەتێ، چاویان چوقاند بە نییەتی مردن یەکسەر دەچنە جەننەتێ بەبێ سێ و دوو، ئا ئەو حالەتە داخیلیە فیعلەن دیارە گەیشتە ئەو مستەوایەی کە رب العالمین ئا ئەوها تەتویجی ئیبمانیان بکا بە ریضوان.
ئەوجە ئێستا لە خزمەتتان نەقلی ناو سورەت دەبین، سورەتی فەتح، کە کو رب العالمین بەو سیاقە موبارەکە ڕێك و پێکە قەزییەکەی دادەڕژینی، پاشان لەبۆ جەمعی موبارەك ئا ئەو جائیزە عەظیمە دێ ئەوان حالەتی داخیلیان کوە، بیدایەت دەست پێ دەکا بەو مەقطەعەی أعوذ بالله من الشیطان

الرجيم، (إنا فتحنا لك فتحا مبينا (الفتح١)، لۆ؟ (ليغفر لك الله ما تقدم من ذنبك وما تأخر ويتم نعمته عليك ويهديك صراطا مستقيما) (الفتح٢)، پاشان بالنتيجة (وينصرك الله نصرا عزيزا)(الفتح٣).

فەتح بە تەصەوڕی خۆم فەتح بەس لەبۆ فەتحی مەککە نەهاتیە، ئیننەما فەتح حالەتەکە فیعلەن دەبی داخیلی ئینسان تەفتیح بووبی لەبۆ ئیرادەی رب العالمین، وە وفقی ئیرادەی (رب العالمین)یش تەفتیح بووبی، لۆوەی فیعلەن بەواسطەی ئەو ئیرادەیەی ڕەببانیەی داخیلی ئینسانی موئمین فتوحاتی لەبۆ بکرێ، یەك لەوانە (إذا جاء نصرالله والفتح (النصر١) ئەوە کەینێ دروست دەبی؟ ئەو فەتحە فەتحی مەککە هەتا فەتحی قەلبی موئمین لەو مستەوایەی نەبووبی، وە دیارە قەلبی پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) کە میرئاتە لەبۆ ئیرادەی خوای و نەقل دەکرێ لەبۆ موقابیل، وە قەلبی موقابیلیش دیسان رب العالمین موطەلیعە لە سەری بە مەلائیکەت و وفقی سەمیعی و بەصیری و خەبیری و عەلیمی خۆی.

دیارە فیعلەن بەو نەوعەی تەفتیح بووە کە فیعلەن رب العالمین بە موبینیشی دابنێ، لۆ؟ (ليغفر لك الله ما تقدم من ذنبك وما تأخر)، لە دەرسی پێشترێ بەحسی کەلیمەی ذەنب و ئیثم و مەعصیەمان کرد، طەبعەن لەبۆ ئەنبیاء شتیتکەش هاتیە، بە مەحدودی وتمان کەلیمەی ذەنب لە ذەنەبە وەرگیرایە، یەعنی: تەبەعە ئەها دەگوترێ ذنب الحصان، کلك کەلیمەی ذەنب لە ذەنەبەوە وەرگیرایە لە کلکەوە وەرگیرایە، یەعنی تەبەعەی قەضیەکی مەوضوعەکی، رب العالمین لێرە بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمی کە پێغەمبەر مومەثیلی وانە، (ليغفر لك الله ما تقدم من ذنبك)، ذەنب مەوجودە، کەلیمەی غوفران مەوجودە، غوفرانیش کە کەلیمە لە لوغەی عەرەبی لەبۆ وەی هاتیە کە فیعلەن کە شتەك ستر کەی پێی ستر بکرێ شتەك بەواسطەی شتەك ستر بکرێ.

مەثەلەن: دەست ئەگەر دەستەوانەی لە دەستکرا دەستەکە ستر دەکرێ بەواسطەی ئەو دەستەوانەی، عیلمەن حالەتەکە خۆی مەوجودە ئەمما بەواسطەی دەستەوانەکەی ستر دەکرێ، ئینسان لە ئەسنای باران بارینێ بەواسطەی سەیوان خۆی ستر دەکا لە بارانەکەی، کەلیمەی غوفران ئا ئەوەیە، یەعنی رب العالمین حائیل دروست دەکا لەبۆ ذاتی پێغەمبەر و جەمعی موئمینین لە مەو پاش تووشی ذنووب نەبن، (ليغفر لك الله) رب العالمین ستر دروست دەکا، لەبۆ پێغەمبەر و جەمعی موئمینین لۆوەی توشی گوناهـ نەبن گوناهەك موعەییەن ناوی ذەنبە، ذەنب یەعنی رب العالمین لەمەوپاش ئەو حالەتەی دروست دەکا کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەگەر جەمعی صەحابە تووشی ئەو حالەتەی نەبن کە رب العالمین موحتەمەلە عیتابیان لێبکا.

کەلیمەی ذەنب ئەوە غوفرانەکەیە (لیغفر لك الله ما تقدم من ذنبك وما تأخر) (الفتح٢) کەلیمەی ذەنب چییە؟ ذەنب گوتمان لە ذەنبەوە هاتیە یەعنی تەبەعاتی قەضییە، یەعنی شەرت نییە گوناهـ بی صەتا صەت، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بە قەناعەتی خۆم گوناهی نەبووە، پاشی ئیمان هینان گوناهی نەکردیە، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) وە جەمعی صەحابە لە ئەسنای وەرگرتنی ئیمان بەو قانونە ئیمانیەی کە پێی دادەڕۆن، کە گەیشتنە ئەو سەقفەی کە خودا (جل جلاله) نیشانە و جائیزەی ریضوانیان بداتێ، لەو مەرحەلەیەش عصیان و ئیثمیان نەبووە، ذنوبیان هەبووە.

ذنوب چییە؟ ئیرادەی رب العالمین لە شتەك نسبەی لەبۆ دادەنێین صەتا صەت بی، ئا ئەو عەبدە نەتانی ئەو صەتا صەتە ئەدا بکا، یەعنی کەلیمەی ذەنب گوناهـ کردن نییە لە قورئان، یەعنی خوا نەکا قەتل بکا کەبائیر بکا حەسادەتی هەبی، کیبری هەبی غرووری هەبی ئەوانە ذەنب نینە، ئەوانە ئیثم و مەعصیەنە، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کە مومەثیلی ئەو جەمعە صەحابەیەیە، رب العالمین مانیع دروست دەکا حەتتا حالەتی ئەوەش دروست نەبی ئەگەر هاتوو ئیرادەی خوای سەقفی ئەعلا صەتا صەت بی ئەو موحاوەلە بکەن بگەنە ئەو حالەتەی مانیعەك هەبی رب العالمین لێیان ئیزاحە بکا، نازانم ئەوە مەفهومی کەلیمەی ذەنبە وە کەلیمەی غوفرانە لە قورئان، ئەو حالەتە دیارە لە داخیلی پێغەمبەر و جەمعی صەحابە دروستبووە لۆوەی فیعلەن رب العالمین وفقی ڕەحمەت و لەطائیفی خۆی بێ حاجز دروست بکا لە بەینی ئیثم و مەعصیەی وانیش، عیلمەن کەلیمەی ئیثم و مەعصیە لەبۆ پێغەمبەر و لەبۆ جەمعی صەحابەی بەو دەرەجەی نەهاتیە لە قورئان، کە فیعلەن گەیشتنە ئەو مستەوایەی کە رب العالمین لە ذەنبیان خۆش ببی، وە ڕیضوانیشیان بداتێ، دیارە فیعلەن قەلب وە ئیمان وە تەرسیخی ئیمان گەیشتە عومقی تێیدا.

لۆیە دروسی پێشترێ بە حسمانکرد پاش وەفاتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، ئیمامی عومەر سێزدە ساڵ ژیا، ئیمامی عومەر لەو نەفەرانە بوو کە لە بیعة الرضوان لەو بەیعەتەی لەگەر پێغەمبەری مەوجود بوو، باشە ئەگەر ئیمامی عومەر نەضەڕەکی کردبووبی حاشاکی وی، درۆیەکی کرد بووبی حاشاکی وی، (سوء الظن)ەکی بەخوا و پێغەمبەر و جەمعی موسوڵمانان کردبی حاشاکی وی، کە رب العالمین ئاگادارە لە قەلبی عومەر وە ماضی و حاضر و موستەقبەلی عومەریش دەزانی، لە قەلبی کو رب العالمین رضوان دەداتە عومەر بە قەلبی عومەر بە ئیمانی عومەر، عیلمەن عومەر ئا ئەو سەخە طاتانەی هەبی، فیعلەن ئیثمیش بکا فیعلەن مەعصیەش بکا، یان قانونی خوای تەواو نییە، قانونی خوای لەبۆ ئەدائی ئیعطائی ریضوان تەواو نییە وەکی لاستیقیە، یاخود فیعلەن عومەر و ئەو جەمعە صەحابە ئەو هەزار و چار صەت صەحابیە گەیشتە ئەو مستەوایەی

فیعلەن کە رب العالمین ریضوانیان بداتێ، دەبی شك لەو دوو شتەی بکەی، یان خودا قانونەکەی مەرینە لاستیقیە قانون نییە فەوضایەکە والعیاذ بالله، عیلمەن ئەوە کوفرە، یاخود فیعلەن عومەر و ئەو هەزار و چار صەت صەحابیە گەیشتە ئەو مستەوایەی کە رب العالمین حالەن وە واقیعەن وە موستەقبەلەن دەزانی ئا ئەوانە ئیثم و مەعصیە ناکەن، هەشیان بی بەس ذنوبە، ذنوبیش لەو مستوایەی کە فیعلەن ناتانن ئەدای مەطلوب بکەن وفقی ئیرادەی خوای لە صەتا صەت.

موحەتەمەلە نۆهەت و نۆ بیکا، موحتەمەلە نۆهەت و هەشت بیکا، موحتەمەلە صەت و دوو بکا ئەویش هەر ذەنبە، چونکی خودا برێین نسبەی میئەوی صەتی ویستیە لۆیە هەرچی ئوسلوبی موعاتەبات هەیە لە قورئان بە نسبەت پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەوەی لەو حالەتەی بووە، کە فیعلەن رب العالمین عیتابی ریضوانی لە پێغەمبەر دەکا لەو هەموو سێزدە جێیەی، کە رب العالمین عیتاب لە پێغەمبەر دەکا بەو نەوعەیە، نەوەك پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) خەطەئی هەبووبی، نەوەك پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) عصیانی هەبووبی ڕیوایەی کردبی والعیاذ بالله.

ئیننەما مەثەلەن دەرسی پێشتر مەثەلمان هینا بابەك دوو کوڕی هەبی هۆردووك صەفی شەش بووبن، صەفی شەشی بەکەلۆری یەکەکیان زۆر زیرەکە بیست سەعات دەخینێ چار سەعات ئیسراحەت دەکا، یەکەکیشیان هیچ ناخینی، هۆردووك لە یەك باب و لە یەك داکینە، کە بابەکە دێ محاوەلەیان لەگەر دەکا، عیتابیان لێ دەکا لە هۆردووك عیتاب دەکا، بە یەکەمەکەیان دەرێ کوڕی من عەزیزی من ئەتۆ خۆت فەوتاند ئەتوو خۆت کوشت خۆت تەدمیر کرد قیچەك ڕەحم بە خۆت بکە، قیچەك ئیسراحەت بکە ئەوە عیتابە، ئەمما بە دووەمی دەرێ کورەهەی ئاخیر شەڕ ئەتوو لۆ ناخینی، لۆ محاوەلە ناکەی لۆ خۆت ماندی ناکەی لۆ جوهد صەڕف ناکەی.

رب العالمین بە ئسلوبی یەکەم عیتاب لە پێغەمبەر دەکا لە قورئان، لۆیە لە لەطیفترین عیبارەت کە لەگەر پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بە صەڕیحترین ئسلوب رب العالمین قسەی لەگەر کردبی، فەرموویتی: (عفا الله عنك لم أذنت لهم) (التوبة٤٣)، هەی خوا عەفوت کا خودا (جل جلاله) بە پێغەمبەری (صلی الله علیه وسلم) دەرێ هەی خودا عەفوت کا، عەینی بیلا تەشبیهـ بیلا تەمثیل وەکی بەینی مە، مەثەلەن ئەتوو بە برایەکت گۆتبی ئا ئەو بیست کیلۆیەی لەو چل کیلۆیەی هەرگرە لەوێی دانێ، چل کیلۆ لە پێشی هەیە شەکر بی ئەو بیست کیلۆیە لەوێ دانێ، ئەو برایە بێ هەر چل کیلۆی پێکەوە هەگری لەوێی دانێ، کە ئەتوو موباشیر قسەی لەگەر دەکەی دەرێی هەی خواعەفوتکا ئەرێ والله لۆ خۆت ماندی کرد بەشکو شتەکت لێهاتبا، خۆ ئەوە عیتابە لە قورئان ئەمما ئسلوبیتکەیە،

تەوبیخی نییە، ئەو عیتابە ئەوە ئسلوبی مولاطەفەیە ئەبەو نەوعەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) موخاطەبە و موعاتەبە کرایە لە قورئان.
(عفا الله عنك لم أذنت لهم) هەی خوا عەفوتکا ئەرێ والله لۆ ئیزنتدا، ئەبەو نەوعەیە ئسلوبی قسەش لەگەر صەحابەی، لۆ چونکی فیعلەن پێغەمبەر و صەحابە لەو مستەوایەی بووینە، نەك ئوسلوبی دووەم کە بابەکە بەکوڕەکەی دەرێ هەی ئەوها و ئەوها لۆ ناخینی، حەتتا لەچەند جێیان لە سێ جێیان زیاتر رب العالمين پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمی: (فلعلك باخع نفسك على آثارهم إن لم يؤمنوا بهذا الحديث أسفا)(الكهف٦)، خۆت دەکوژی دیارە ئەتو خۆت دەفەوتێنی، لە بەر چ؟ حەریص حرصی پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) لە هیدایەت لە سەر هیدایەتی ئا ئەو جەمعە ئینسانەی کە لەو وەسەطەی مەوجود بووە.
صەحابەش لەو مستەوایەی تەعامول دەکەن لەگەر ذاتی قەوانینی ڕەببانی، لۆیە ڕوئیەی قورئانی لەبۆ جەمعی صەحابە غەیری روئیەی تاریخ و توراثە، ئەوەی کە لەبۆمە بەحس کرایە لە تاریخ ئەوە حەقائیقی کامل نییە بە نیسبەت صەحابەی، دەستی تێدا هەیە بەنسبەکی زۆر، لۆیە دیسان بەتەصەوری خۆم بەمن ئەگەر بمانەوێ پێغەمبەر و صەحابەی بناسین دەبی بچینە ناو قورئان، لە قورئان حەیاتی صەحابە و قەوائیمی حەیاتی صەحابە و روئیەی قورئانی صەحیح بەنسبەت صەحابە لە ناو قورئان مەوجودە، نەك روئیەی بەشەری توڕاثی تاریخی لەبۆ صەحابە.
فە بەو تەسەلسولەی ئایەتی چارەم کەدەفەرمی: (هو الذي أنزل السكينة في قلوب المؤمنين)، (هو الذي أنزل السكينة في قلوب المؤمنين ليزدادوا إيمانا مع إيمانهم) (الفتح٤)، ئەمما بەجێیان دێلی ئیهمالیان دەکا بەبێ سیلاح بەبێ عودەد؟ نەخێر، دەفەرمی: (ولله جنود السماوات والأرض وكان الله عليما حكيما) (الفتح٤)، با ئەو هەزار و چار صەت نەفەرە بە بێ سیلاح بێن، باشە کێ حیمایەی دەکردن پێشتر لە بەدر؟ کێ نەصری دانێ لە ئەحزاب؟ رب العالمين، ئیذەن رب العالمين حیمایەیان دەکا، لۆیە بەحسی جنود دەکا، (ولله جنود السماوات والأرض)، موحتەمەلە جەحافلی زۆر ضەخم لە مەجموعەی مەلائیکەت هەر لە ئاسمان لەگەر جەمعی صەحابە حەڕەکەیان کردبی نەشاطیان هەبووبی، (ولله جنود السماوات والأرض وكان الله عليما حكيما)، لۆ (أنزل السكينة)؟ چونکی فیعلەن بەو نەوعەی بوون خۆیان صەتا صەت تەسلیمی پێغەمبەری کرد بەبێ ئەوەی سێ و دوو بکەن، باشە کو ئەو زەمینەیە دروست بوو لە ناو داخیلیان؟ چونکی بە قەواعیدی ئیمانی قورئانی تەرتیبی نزول دا رۆیشتبوون هەموویان، شازدە پازدە سارە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەگەریان محاوەلە دەکا و جوهود صەڕف دەکا، دیارە فیعلەن لەو مستەوایەی بوون (ليزدادوا إيمانا مع

إيمانهم)، پاشان ئاياتيتكه دەفەرمى: (ليدخل المؤمنين والمؤمنات) هەر لەگەر وانيتى (جنات تجري من تحتها الأنهار خالدين فيها ويكفر عنهم سيئاتهم وكان ذلك عند الله فوزا عظيما)(الفتح٥)، پاشان جموعيتكەش هەنە: (ويعذب المنافقين والمنافقات والمشركين والمشركات)، چ؟ (الظانين بالله ظن السوء) ئەوە مانيع بووە.

ئەها لە غەزوەی ئەحزابيش لە بيدايەت: (يظنون بالله غير الحق ظن الجاهلية) (آل عمران١٥٤)، ئا ئەوە سەبەب بوو فيعلەن: (وبلغت القلوب الحناجر) (الأحزاب١٠) دروست ببی، سەبەب چ بوو؟ ئا ئەو ظەننە دروستبوو لە ناو قەلبی جەمعی (الذين في قلوبهم مرض) (المدثر٣١) ئا ئەوە تەفاقوم بكاو گەورە ببی دەبتە سيفەتی نيفاق والعياذ بالله، دەبتە سيفەتی شيرك والعياذ بالله: (الظانين بالله ظن السوء) (الفتح٦) چييە عيقابيان؟ (عليهم دائرة السوء وغضب الله عليهم ولعنهم وأعد لهم جهنم وساءت مصيرا)(الفتح٦).

پاشان ديسان ديسان تەئكيد دەكا رب العالمين ئەوە هەمووی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) مەوجودە ئايات دێتە خوارێ لە سەری جوبريل ئا ئەو حالەتانەی لەبۆ دينتە خوارێ، ديسان تيكرار دەكاتەوە مەوقيفەك: (ولله جنود السماوات والأرض وكان الله عزيزا حكيما)(الفتح٧)، لە بيدايەت (عليما حكيما) خودا عەليمە بە حاڵتان خۆشی حاكيمی موطلەقە لەسەرتان، لۆيە جنودتان لەبۆ دەنێری، ئەمما لێرە بەحسی جنود دەكا، پاشان چ دەفەرمی: (عزيزا حكيما) بەواسطەی هەر ئەو جنودەی عيزەتتان دەداتێ، لۆ؟ چونكی ديسان خۆی حەكيمە لە سەر حەدەث خۆی موهەيمينە لە سەر حەدەث، پاشان دەفەرمی: (إنا أرسلناك شاهدا ومبشرا ونذيرا لتؤمنوا بالله ورسوله وتعزروه وتوقروه وتسبحوه بكرة وأصيلا) (الفتح٨-٩). دێتە سەر جەمعی موئمينين ئەوە موقەددیمە بوو لەبۆ جەمعی موئمينين، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بەو صيفەتانە هاتيە لەبۆتان ئەدی ئەنگۆ مەوقيفتان چييە؟ (إن الذين يبايعونك إنما يبايعون الله يد الله فوق أيديهم فمن نكث فإنما ينكث على نفسه ومن أوفى بما عاهد عليه الله فسيؤتيه أجرا عظيما)(الفتح١٠).

پاشان بەحسی موخەڵفون دەكا، ديسان لە ناو مەدينەی طەواقم هەبووە، شەرائيح هەبووە ئەوە جەمعی موئمينين، جموعيتكەش ديارە هەنە بەحسی وانيش دەكا، (سيقول لك المخلفون من الأعراب) (الفتح١١)، بەحسی ئيمانيان ناكا، ئەعراب (شغلتنا أموالنا وأهلونا فاستغفر لنا) (الفتح ١١)، ديارە شتەك لە داخيليان هەبووە ئەمما بەحسی ئيمانيان ناكا، لۆ ئەگەر فيعلەن ئيمانيان لەو مستەوايەی بايە كە خودا لێيان ڕازی بی، ئيعتيباری لەبۆ دابنێ موتابەعەی پێغەمبەريان دەكرد لە قەضيەی دەرچوون، ئەمما ديارە ئيمانيان بەو نەوعەی نييە، لۆيە دێن دەرێن: (شغلتنا أموالنا وأهلونا فاستغفر

لنا)، داوای غوفران بکه، (يقولون بألسنتهم ما ليس في قلوبهم قل فمن يملك لكم من الله شيئا إن أراد بكم ضرا أو أراد بكم نفعا بل كان الله بما تعملون خبيرا) (الفتح١١)، چونکی داخیل دەلیلە لەبۆ خاریج، خارجیش شاهیدە لەبۆ داخیل، دائیمە صیراع لە داخیل دەست پێ دەکا داخیل چی تێدا مەوجود بوو خاریج تابیعی داخیلە، خاریجی ئینسان تابیعی داخیلە، خێر و شەڕ لە داخیلی دەست پێ دەکا بە شەڕکردن کیهانیان بە قووەت بوو ئەو دەباتەوە، خێر بە قوەت بوو شەڕ لەبن خۆی دەنێ، لۆیە خاریجی ئینسان خێری لێ دەبیندرێ، والعکس أيضا صحيح، ئەگەر شەڕ لە داخیلی لە ئەثنای صیراع بردیەوە تەماشای خاریجی ئینسان بکە شەڕەکەی لێ مەوجودە.

پاشان ئەبەو نەوعەی دێتە خوارێ هەتا دەگاتە ئایەتی هەژدەم، خۆشترین ئایەتە خودا بە نسیبی هەموومان بکا دەفەرمی: (لقد رضي الله عن المؤمنين إذ يبايعونك تحت الشجرة فعلم ما في قلوبهم)، هەها هەموو ئەصلەکان لە داخیلە هەموو کوشن، (فعلم ما في قلوبهم)، خەتمی لەسەر لێدەدا، ئەوجە (فأنزل السكينة عليهم وأثابهم فتحا قريبا) (الفتح ١٨)، ئەها لە غەزوەی ئوحود (فأثابكم غما بغم) (آل عمران١٥٣)، لۆ؟ لە قانوون لایاندا لە سوننەی کەونی لایاندا، سوننەی شەرعی (فأثابكم غما بغم)، لێرە چییە؟ ثەوابیان (وأثابهم فتحا قريبا وأثابهم فتحا قريبا)(الفتح١٨)، لە دونیا چییە؟ (ومغانم كثيرة يأخذونها وكان الله عزيزا حكيما (الفتح١٩).

پاشان دێ لەبۆ جەمعی موئمینین دیسان نەفسی شت تیکرار دەکاتەوە لە مێشکی لەبۆوەی تەثبیت ببی، لە ئایەتی بیست و سێ دەفەرمی: (سنة الله التي قد خلت من قبل ولن تجد لسنة الله تبديلا)(الفتح٢٣)، ئەوە قانونە ئەوەی بیەوێ فیعلەن تەحصیلی ریضوان بکا ئەوە قانونە سوننەتی خوایە، وە سوننەت و قانونی خوای ناگۆڕێ لەبۆ کەس، وە لە چ زەمانەکیش ئەوەی بیەوێ فیعلەن ریضوانی خوای تەحصیل بکا دەبی بەو تەسەلسولەی دابێ، ئەوەش قانونە ئەوە هەمووی دەرسە لەبۆ مە، صەحابە ریضوانی خوایان وەرگرت ئەو جەمعەی کە فیعلەن لەگەر پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) موبایەعەیاندا.

لۆیە بە جەمعی صەحابەی شجرة الرضوان دارەك بوو پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە بنی دانیشت، دەستی موبارەکی خۆی درێژ کرد صەحابە مەجموعە مەجموعە یەك یەك دەهاتن دەستیان لە سەر دەستی پێغەمبەر دادەنا، موبایەعەیان دەدایێ، موبایەعە لەبۆ چ؟ فیعلەن کە هەرچی ئیرادەی خوا و ئیرادەی پێغەمبەریە کە تەمثیلی ئیرادەی خوای دەکا تەحویلی کەن لەبۆ واقیع، بەس بە ئیشارەتەك لە پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) ئا ئەوە بوو فیعلەن رب العالمين: (فعلم ما في قلوبهم)، لۆیە سەکینەشی دابەزاند ریضوانیشی دابەزاند لە سەریان.

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە ئەسنای پاشی سین و جیم لەگەر صوهەیب بن عەمر ئیتفاقی کرد و خەتمی داو، عەمر ویستی بگەڕێتەوە سوهەیل بن عەمر کوڕەکەی هات ئەبوجەندەل، ئەبوجەندەل موسوڵمان بووە تازە موسوڵمان بووە هات یەکسەر هاتە خزمەت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، جارێ عەمر ئینسیحابی نەکردیە، گۆتی: یا رسول الله موسوڵمان بوویمە یەکسەر سوهەیل گۆتی: ئەها یامحمد جارێ مەرەکەبەکەی هیشك نەبووە، تەوقیعەکەمان ئەویش کوڕی منە چ دەڕێی گۆتی: بەرێ ببیەوە.

یەکسەر ئەبوجەندەل ئیشکالی لۆ دروست بوو، یا رسول الله تەسلیمی کوفرم دەکەی، ئەوە موشریکە بەرێ بابمە ئەمما موحتەمەلە تەسلیمی شوڕطەی ناو مەککەم بکا و ئەزیەتم بدەن و تووشی فیتنەم بکەن مورتەدم کەن، دیسان پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی، ئەگەر هاتوو فیعلەن لە داخیلت ئیمان هەبی رب العالمین فەرەجت دەداتێ، چونکی رب العالمین خۆی موهەیمنە لە سەر قلوبت، لە سەر قلوبمان، بەس فیعلەن ببینی صادقی لەگەر خۆی بە خوای فەرەجت دەداتێ، لۆیە فیعلەن دەستی تەسلیمی بابی کرد لە ئەثنای رۆیشتنی ئیمامی عومەر لەگەری دەڕوا، عەلا ئەساس دری ئەبوجەندەلی دەداتەوە ئا سەبر بکە ئەوە دیارە قەواعیدی ئیمان لە سەر خۆت تەطبیق بکەی، دەبی ئەوها بکەی ئەوها بکەی شیرەکەشی لێ نزیك کردیە، ئەوە لە تەنیشتی دەڕوا شیرەکەشی سەبر سەبر لە ئەبوجەندەلی دەخشێنی، دەرێ ئێهـ بەشەرە بەشکو دەست دەداتە شیرەکەی ئیمامی عومەری ملی بابی خۆی پەل دەدا، ئەمما ئەبوجەندەل بەستەزمانەی ئەو شعورەی لەبۆ نەبووە، فە لۆیە پاشان کە دەگەڕێتەوە لەبۆ جەمعی صەحابەی دەگێرتەوە دەرێ ئا ئەوەندە بەستەزمانەی فەقیر بوو چەند جارەك ئەوها شانم لێداو شیرەکەم لێنزیك کرد، گوتم بەشکو پڕدەداتە شیرەکەی هەر پری نەدا، هەر خۆی تووشی ئەو فیتنەیەی کرد، ئەمما پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) حەللی دایێ، سوهەیل بن عەمر گەڕاوە.

صەحابەکیتکە کە پاشی وی بەمانگەکی ئەبوبەصیرە ناوی، ئەویش موسڵمان بوو صەحابەکی قیچەك خین گەرم بوو، هاتە مەدینەی خزمەت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، یەکسەر دوو موشریك وەفد هاتن بەرقیەیان هینایە لە ئەبوسوفیانەوە ببطاقەکەشیان لەکنە عەقدەکەیان لە کنە، ئەها ئەوە ئەبوبەصیر هاتیە ئەوەش طەلەبی گێرانەوەیتی ئەوەش تەوقیعی تووە، چ دەرێی؟ فەرمووی بیگێرنەوە ببیەنەوە، ئەبوبەصیریش یارسول الله دەمکوژن ئەوهام لێدەکەن، فەرمووی دیسان ئەگەر لە داخیلت خێر هەبی ئیمانی حەقیقی هەبی خودا فەرەجت دەدا مەترسێ، فیعلەن بەگەریان کەت.

لە ڕێیێ ئەوە ئەسیرە دەستی بەسترایە گۆتی: دەستمکەنەوە دەچم قەضای حاجەت دەکەم، دەستیان کردەوە هات دانیشت لە تەنیشتیان، ئێ کوڕە مامیتی ئەوەی هاتیتە دووی، ئەویتکەش خزمەتکاری کوڕە مامیتی، گۆتی: توخوا موبارەکت بی ئەو شیرەت بە چەندی کڕییە؟ کەینێت کڕییە وەڵاهی زۆر جوانە؟ کاکە نامدەیێ، فیعلەن کابراش لێی ئەمینە شیرەکەی دەرهینا دایە دەستی کە شیرەکەی لە دەست گرت و سەری کابرای پەلدا، ئەویتکە دیتی هەرات، یەکسەر هەر گەیشتە خزمەت پێغەمبەری (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: یا رسول الله ئەتوو زیممەی خۆت تەبریئە کرد، ئەتوو حەققی أمام الله کە عەقدتدایە تەعەهودت دایە کردت، ئێستا ئەمن حوڕرم ناچمەوە کنیان، پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) چاوی خۆی هینا خوارێ، ئەوە ئیرضایە ڕەضایە لە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، چونکی فیعلەن پێغەمبەر أمام الله وە ئەمامە قوڕەیش ئیشی خۆی کرد.

ئەمما کە ئەو دەرچوو فەرمووی: (مسعر حرب لو کان معه رجال)، ئەو فتوایەی دەدا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، فەرمووی پیاوەکە فیعلەن دەتانی دەست لەجێی خۆی بوەشینی ئەمما ئەگەر موساعیدی هەبی، یەکسەر ئەو خەبەرە وەکی تەقریرەك تەقدیمی ئەبوبەصیری کرا، ئەبوبەصیر چووە چیای بووە ئەشقیا نزیك بەحری سۆر بحرالأحمر، چ صەحابەك لە مەککەی موسوڵمان بایە دەچوو ئیلتیحاقی دەکرد بە فرقەی ئەبوبەصیری، بووە موغاویر لەوێ فیعلەن بووە موغاویر، حەفتا نەفەری تەشکیل کرد، هەر ڕەعایەی قوڕەیش لەمەککەوە بچنە شام لۆ تیجارەت، چونکی قوڕەیش یەك لەو بەندەی یەك لەو مەقصەدەی کە هەیبوو لەگەر پێغەمبەری ئەو عەقدەی کرد، کە تیجارەت بکا فەقیر و فوقەرای زۆر لەوێ دروست بووە، ئەوە تەقریبەن سێ چار سارە تیجارەت ناکەن کاسبیان نەمایە، قوڕەیش دەست بکا بە تیجارەت کردنی خۆی.

ئەمما ئەبوجەندەل و ئەبوبەصیر و جەمعیتکە لە پێش ڕێیان ڕادەوەستن هەرچیان هەبایە لە پیاو دەیانکوشتن ئەموالەکانیشیان هەموو بە غەنیمە لۆ خۆیان دەهینا، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) وەری نەدەگرت طەبعەن، یەکسەر مەجبور ئەبوسوفیان و قوڕەیش تەقریر بنێرن بە پێغەمبەری برێن یا رسول الله ئەو بەندەی کە ئەمە نوسیبوومان ئەمە لەتوومان طەلەب کرد بوو ئەوەی ئیلغا بکە، تکاو ڕجات لێ دەکەین، ئا ئەو بەندەی کە طەلەبمان کرد بوو صەحابی بگێڕەوە ناو مەککەی مەیان گێڕەوە بابە لۆ خۆت بی، لۆیە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) وەفدی نارده دوو ئەبوبەصیر ئەبوجەندەل و صەحابە حەفتا صەحابەکەیتکە، فیعلەن ئەوانە هاتن لە ناو مەدینەی نیشتەجێ بوون.

بەو نەوعەی تانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) نەصرێ ئاسمانیش بینی بە واسطەی ئەو هەزار و چار صەت صەحابەی کە تەشکیلی کردیە و تەکوینی کردیە، ریضوان الله لەبۆیان ئوتوماتیکیەن

ئەوانە نەقل دەبن لەبۆ جەننەت، إن شاءالله وتعالى نەخشەی لەمەش بی، لە عەینی وەقتیش تانی فیعەن ئیقراڕ بە مەجموعە شتەك بكا بە قوڕەیش.

یەكەمین: پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) خۆی دەولەتە وە صاحێبی دەولەتە، وە قوڕەیش ئێستا كە لەگەری دادەنیشی دەبی ئیعتیراف بە عەلەمی پێغەمبەر بكا كە دەولەتە، وە رسول الله (صلى الله علیه وسلم) ڕەئیسی دەولەتیشە زەعیمی دەولەتە، لەمەوپاش كە وەفد دێ وەفدەك لە مستەوای دەولەت لەبۆ مستەوای دەولەت، عیلمەن پێشترێ ئیعتیرافیان بە پێغەمبەری نەدەكرد كە دەولەتە، چ نەوعە دەولەتەك؟ دەولەتەك دینی، دینیشی ئیسلامە، ئیذەن قوڕەیش ضەمەنەن ئیعتیراف دەكا بە ئیسلامیش كە دینە كە لە ناو جەزیرەی عەرەبی (معترف بە)یە، وە ئەو نەفەرانەی كە لە خۆی ئینشیقاق دەكا سیاسییەن ئیعتباری دینی قوڕەیش لە ناو داخیلی ئەو نەفەرە مونشقەی نامینێ، ئەگەر هاتوو ئیزاحە بوو لەبۆ ناو مەدینە لەناو قوڕەیشیش موعتەبەرە، لە ناو قوڕەیشیش ئیعتیبار لەبۆ ئەو ئینشیقاقەی دادەنرێ، وەكو لاجیئەك موعتەبەر دینییەن كە پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) ئیستیقبالی بكا.

پاشان پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) لە مەوپاش مەجالی زەمەنی مەفتوحە، تا دە سالان دەكرێ بە كامیلی ڕاحەتی خۆی حەڕەكە و نەشاط بكا ئیجتیماعییەن ئیقتصادییەن سیاسییەن عەسكەرییەن، لۆیە هەر كە مەجالی درایێ بەواسطەی ئەو بنود و عوقودانە پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) دەوری خۆی دیت، مەثەلەن لەگەر قەبائیلی دەوربەری مەككە كە پێشترێ موحەڕەم بوو لە سەری بێ تەحالوفات بكا دەستی كرد بەتەحالوف دروستكردن، چەند تەحالوفی دروست دەكرد لە عەسكەر و جەیشی كوفر قوڕەیش قەطع دەكرد، عەفووەن لە عەدەدی وان كەمتر دەبوو لە عەسكەرەی جەمعی صەحابە و موسڵمانان زیاتر دەبوو.

پاشان پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) حوڕ بی لەبۆ تیجارەتیش بتانی مەثەلەن لە مەو پاش تیجارەت بكا لەگەر شام، تیجارەت بكا لەگەر حەبەشە، ئەوە قەوافل بنێریتە یەمەن، ئەو هاتوو چوونە ئەو مەسیرە كە بەسەر مەككەیدا دێ و دەچی مەفتوحە لەبۆ پێغەمبەری (صلى الله علیه وسلم) كو مەفتووحە لەبۆ جەماعەتی قوڕەیش، وە بەواسطەی حیادی موسەڵەح كە پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) خۆی موحاید بوو سیلاحی پێ نەبوو، ئەمما بەواسطەی ئا ئەو جەمعە كۆماندۆ مغاویرەی كە ئەبوجەندەل و ئەبونەصیر دروستی كرد، فیعلەن تانی قەبائیلی گچكە گچكە لە دەوروبەری مەدینەی مەوجودە، ئەگەر هاتوو پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) خۆی دەستیان لێ نەوەشێنی، ئەمما عەناصیری كەفوئی هەبی لەو مستوایەی كە بتانی تەئدیبیان بكا، ئەوە هەمووی لە ناو ئیعتباری مێشكی قوڕەیش دروست بوو.

پاشانیش ئیعتباری قەبائیلی عەڕەب لەبۆ دینی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کە ئیسلامە، کە فیعلەن قەبائیلی عەڕەب کە دیتیان قوڕەیش ئیحتیڕام و تەقدیری وجود و حالەی واقیعی محمد (صلی الله علیه وسلم) ئیقرارِ پێ دەکا، ئەوانیش مەجبور ئیقرارِیان پێکرد، لۆیە سەبر سەبر پاشی ئەو وەقتەی پاشی ئەو فەترەیەی وفود هاتە خزمەت پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئیعلانی ئیسلام بوونی خۆی دەکرد، لەو فەترەیەش پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فورسەتی دیت گەورەترین قەلعە لەبۆ شەیطان لە سەر ئەرز پاشی بەنی نەذیر و بەنی قەینوقاع بەنی قوڕەیضە خەیبەر بوو، هەرچی یەهود لە مەدینە کە دەشکان ئینسحابیان دەکرد دەچوونە مەنطقەی خەیبەر، لۆیە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) مەجالیشی بوو خەیبەریش تەئدیبکا، عیلمەن خەیبەر هەزار و چار صەت و قسور نەفەری تێدا مەوجود بوو، هەمووش عەسکەری باش هەمووی جەیشی مودەڕەب، هەرچی لە یەهودی بەنی نەضیر و بەنی قەینوقاع مابوون هەموو ئەوەی عەسکەر و شەڕ کەرەکان هەراتن هەموو لە ناو خەیبەر مەوجود بوون.

لۆیە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) تانی فوڕصەت ببینی فیعلەن تەئدیبی وانیشبکا، طەبعەن عەن طەڕیقی وەحی، لۆیە هجومی بردە سەر خەیبەریش هەزار و چار صەت ئەو هەزار و چار صەت صەحابیەی کە لە ناو بیعة الرضوان موشارەکەی پێغەمبەریان کرد ئەوان لەگەر پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) مەوجود بوون، هەر ئەوانیشی برد ئەوانی لەگەر خۆی برد لەبۆ فەتحی خەیبەر و فیعلەن خەیبەریش کراوە، بەو حالەتەی تانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دینی یەهود لەناو جەزیرەی عەڕەبی نەهێلی، وەموشریکیش تەحدید بکا لە بەر ئەوەی ئەگەر ساڵی دادێ گەراوە فیعلەن بتانی وفقی ئیرادەی خوای و لە مستوای دینی ئیسلام عیمرە و حەجی خۆی بکا.

لێرە تەقریبەن دەرسەکە ئینتهای پێدێ، وە تەقریبەن دەرسی سیرەش ئینتهای پێ دێ، چونکی ماتەبەقای دەرسی سیرە هەمووی تەبەعەیە لەبۆ ئەو مەوضوعەی بەقەناعەتی خۆم، وجود هەمووی لەبۆ ئینسان خەلق کرایە لەبۆ ذاتی ئینسان لەبۆ تەسخیر کرایە لەبۆ ئینسان، ئینسانیش لەبۆ عیبادەت خەلق کرایە وەعیبادەتی خواش بەواسطەی مەنهەجی خوای دەکرێ، ئەگەر هاتوو جەمعەك مەنهەجی خوایان پێبوو کە قورئانە، وە تانیان تەطبیق بکەن لە سەر داخیلی خۆیان ویستی خوای ئەدا دەبی لە واقعیان لە دونیاو لە ئاخیرەت، لە دونیا فیعلەن بتانن سەعادەت تەحصیل کەن لە ئاخیرەتیش ریضوانی خوای تەحصیلکەن، لۆیە ڕیسالەی پێغەمبەری (صلی الله علیه وسلم) لێرە ئینتهای پێ دێ، ماتەبەقا کە صووەڕو ئەحداث دروست دەبی لەبۆ ذاتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هەمووی تەکمیلەیە لەبۆ قەضیەی ریضوانی ڕەببانی لەبۆ جەمعی صەحابە.

بەس طەلەبەکی خەفیفم هەیە ئەویش ئەوەیە:

یەکەم: کە ئەو دەرسە تەواو بوو دەرسی سیرە هەمووی تەواو دەبی ئینتهای پێ دێ، لە خزمەتتان دەبم لەمەوپاش پێنج شەممان دەرسمان نامینێ، ئەوەی مەطلەبمە لە خزمەتتان ئەوەیە ئەگەر تانییم طەبعەن بە تەوفیقی خوای بەکەممی خۆم وبە مەحدودیەتی خۆم، شتەکەم تەحویل کردبی لە ناو داخیلی قورئان وفقی مێشکی خۆم لەبۆتان، ئەگەر چاك بووبی دوعای قبولم لەبۆ بکەن لە ذاتی رب العالمین، ئەگەر بە قەناعەتتان صەحیح نەبووبی تکا و رجام لێتانە ئیشکال دروست نەکا لە داخیلتان، وە نەبتە مانیع لەبۆ تەحصیلی ئیمان و قورب لەبۆ ذاتی رب العالمین، لۆوەی رب العالمین سبەی دوسبەی کە ئەمن و ئەنگۆ رادەگری بەرامبەر یەك موحاسەبەی من نەکا کە ئەمن بوویمە سەبەبی ئیشکال لە مێشکتان، وە موحاسەبەینگۆش نەکا کە فیعلەن ئەنگۆ خۆتان عائیق بووینە یاخود سەبەبی ئیشکالەکە لە داخیلی خۆتان بووە، فە تەمەننا و تکا و یەعنی لێتان دەپارێمەوە ئەو حالەتە داخیلیەی کە مەوجودە وفقی مێشێکی خۆمان ئیزاحەی بکەین، وە ئەوەی گۆتبم صەحیص بووبی لە قورئان وەرم گرتیە ئەو ئەوەی خەطەئم گۆتبی ئی خۆمە ئەمن خۆم موتتەهەمم کەس ئیتیهام نەکرێ، وە ئەو مەوضوعانە گەورە نەکرێ وە هەر یەکە فەهم و فیکری خۆی کە لە مێشکی خۆی مەوجودە لە منی وەرگرتیە، فەهمەکە تەحویل نەکا نەفسی کەلیمە بەمن تەحویل بکا باشترە، لەبۆ ئەوەی ئەویش نەبتە سەبەبی فیتنە لەبۆ جموعیتکە کە لێرە لە خزمەتیان نینە.

وەعدەکم دابوو کە دروسی ئیمانی پاشی سیرە دەست پێبکا، ئەویش لە بەر ئەوەی مەوانیع زۆرە، ئەو زۆریە بەمن دەفع نابی صەڕاحەتەن نەقص لە خۆم هەیە، پێم نەکرایە جارێ تەکمیلە و گەڵاڵەی هەموو قەضیەکەی بکەم، لەعەینی وەقتیش دیارە جەوی عامیشمان لەو مستەوایەی نییە کە بتانین ئەو حالەتە ئیدامەی پێ بدەین، لۆوەی ئەمن نەبمە سەبەبی فیتنە لەبۆ غەیر وە إن شاءالله عوذر تەقدیم دەکەم سەحبی ئا ئەو وەعدەش دەکەم کە وەختی خۆی دایتم.

یەك تەوصیەم هەیە إن شاءالله ئا ئەو وددو حوببەی کە لە بەینمان مەوجود بووە، کە ئەنگۆ هەتان بووە لەبۆ خزمەتکارتان ئەو ماندیبوونە و ئەزیەتتان دیتیە، شەخص هەیە لە جێی دوور بە چەند پاسەك هاتیتە ئێرە وەقتی موبارەك و عەزیزی خۆی قەطع کردیە، لۆوەی ئەمن لە خزمەتی بم لێرە ئەگەر ئەزیەت و ماندی بوونی دیتبی گەردەنم ئازا بکا، ئەگەر خوانەکا دیسان ئیشکالەك ئیقتیصادی و ئیجتیماعی لەبۆ دروست بووبی، دیسان گەردەنم ئازا بکا، ئیشکالەك تەنظیمی و حیزبی و فیکری لەبۆ دروست بووبی وفقی ئەو موعطەیاتانە دیسان گەردەنم ئازا کا، إن شاءالله دوعا لەبۆ یەکتری بکەین خودا (جل جلالە) لە گوناهی من و تەقصیر و مەعاصی و ئاثامی من خۆش بی، وە إن

شاءالله ريضوانيش تەحصيل بكا لەبۆ هەموومان، وە ئەسبابی ئەو ريضوانەشمان پێببەخشی، فە وەعدتان دەدەمێ إن شاءالله ئەمن دوعاتان لۆ بکەم ئەنگۆش كذلك دوعا لەبۆ من بکەن، لە نيهايەت گەردەنم ئازا بکەن إن شاءالله ئەنگۆش هەموو لايەك گەردەنتان خۆش و ئازا بی، أقول قولي هذا وأستغفرالله لي ولكم سبحان ربك رب العزة عما يصفون، وسلام على المرسلين، والحمد لله رب العالمين)(الصافات ١٨٠-١٨١).